# گوتی ئەڤە هرچە.. یێ دبێژیت ئەڤە دەوسە..

**فازل ئەرەدن**

حکومەتا ئەمریکا، ژبەر بەرژەوەندیێن خوو، ژترسا پەقینێن (11) سێپتمبرێ ترائاگە هەل خونینە یان سەر لێهاتییە تێکدان، ئەگە چاوا نزانیت کی رەوشا عێراقێ تێکدەت و کی مەترسییە بو تێکدانا رەوشا عێراقێ، ئوکی ژدەولەتێن هەن سێین عێراقێ تێکبدان و مەترسی هەیە ل سەر چ دەڤەرەکێ دناڤ ئاخا عێراقیدا، بەلێ ئەوا کو ئەم هەمی دبینین، ئو روهن و ئاشکرایە. کاریگەریا ئێرانێ بو تێکدانا رەوشا عێراقێ ل باشوورو ناڤەراستا عێراقێ یە چونکە پرانیا خەلکێ باشورێ عێراقێ و هەروەها پرانیا خەلکێ بەغدا وەکو مەزهەب شیعەنەو ئوپرانیا حزبێن شیعا حزبێن ئیسلامینەو ئەم دکارین بێژین ئێرانێ ئەگەر کاریگەری ل سەر پرانیا ڤان حزبا نەبیت کاریگەریا ل سەر چەند حزبەکا هەی. بەلێ ئایا ئێرانێ دێ چ کاریگەری هەبیت ل سەر تێکدانا رەوشا باژێرێ کەرکوکێ کو خەلکێ ڤی باژێری ژچەند نەتەوێن جودا پێکهاتییەو پرانیا وان نەتەوا کوردەو ب چ رەنگا ناچێتە دبن بارێ کاریگەریێن دەولەتێن هەڤسێ ڤە بو مەرمێن وایێن چەپەل، ئو هەروەها عەرەبێن رەسەنێن کەرکوکێ ژی وەکو برا دگەل نەتەوێن دی دژین و رەوشا باژێرێ خو تێکنادەن بو مەرەمێن دەولەتێن هەڤسێ، ئو عەرەبێن هاوردە کو پرانیا وان شیعە مەزهەبن ئێرانێ هند کاریگەری ل سەر نینە یاکو رەوتا سەدر لە سەر هەی ئو هەروەها ئاشوری و مەسیحیا چ ژڤان نموونە پەیوەندیا دگەل ئێرانێ نینەو نابێت، ئو هەروەسا تورکمانێن کەرکوکێ. هەتاکو تورکیا هەبیت، قەد یاوەنەکە کو تورکمان هەوارا خوو ببەنە ئێرانێ. ڤێجا کاریگەریا ئێرانێ دێ چبیت دتێکدانا رەوشا باژێرێ کەرکوکێدا؟؟. بەلێ هەر تورکیایە ئەڤە ژبەری ئازادیا عێراقێ ئو حەتاڤێ گاڤێ چەند پێکولێ دکەت بو تێکدانا رەوشا باژێرێ کەرکوکێ، ئو ب دەهان پاساو حجێن ئینانینە و تینیت بو تێکدانا رەوشا باژێرێ کەرکوکێ، جار ب ویلایەتا موسل بەسەر ئیمپراتوریەتا عوسمانێ ڤەبوو، جار داخازیا ئێکەتیا ئاخا عێراقی دکەت بهێتە پاراستن، جار نەڤێت کەرکوک بهێتە سەر هەرێما کوردستانێ ژبەر چارەنڤیسێ تورکمانا، جار پارتی چارەسەری ب (پ ک ک) لەقەلەم ددەت، جار پشتگیریا راپۆرتا بیکەر هاملتن دکەت کو دژی خەلکێ رەسەنێ باژێرێ کەرکوکێ یە، جارژی ب ریکاهندە کرێگرتیێن خو وەکی بەرێ تورکمانی بکارتینن بو تێکدانا رەوشا باژێرێ کەرکوکێ، ئەڤەژی هەمی ژبەر کو چەند هەزار تورکمان ل کەرکوکێ دژین کو ئەز دکارم بێژم رێژاوان ناگەهیتە (10%). ئو حەتا گەهشتی یە کۆنگرێ نەئاشتی نەبراییێ، بەلێ ئەم دکارین بێژین کۆنگری تێکدانا رەوشا باژێرێ کەرکوکێ یا هەمی نەتەوا پشکداری تێدا کری ژبلی نەتەوا کورد ئەڤەژی ژبەر کوردا دوژمنایەتێ بێخیتە نابەینا نەتەوا کوردو نەتەوێن دیکە، ئو هێرەشێن ڤێ دویماهیێ بو لێدانا هەرێما کوردستانێ و باژێرێ کەرکوکێ بتایبەت بەلێ ئەڤە هەمی نەژبەر چاڤێن رەشێن تورکمانانەو چارەنڤیسی وان، بەلکو ژبەر مەرەمێن خوییێن چەپەل دا بەرپەرێن وایێن رەش نەهێنە ڤەدان و جیهان نەزانیت چ دبنڤەیەو مەسەلا کوردین باکوور پشت گوهەبێنن ئو ئەمریکا ئەڤێ هەمیێ پشتگوێ تێخیت و ئێرانێ خەتابار دکەت چمکی تورکیا هاوپەیمانا ئەمریکایەو پەیمان ناتۆیە!

# هێزی سەرکردەو رەنگدانەوەی لەسەر کۆمەڵ



**ن: قەهار گەزنەیی**

مێژوو سەلماندوویەتی کە سەرکردەکان هەندێ جار زرنگ و ژیرن و بەکارزانی و لێهاتوویی خۆیان دەستەڵات وەردەگرن، گەلێک جاریش گەوجن و بەرێکەوت دەبن بە سەرکردە.

سەرکردەی ژیرو بەتوانا مرۆڤێکی هەڵکەوتووە لەخودی خۆیدا داهێنەرە، لەبیرکردنەوەو هزریشدا جۆرە تایبەتمەندییەکی جیاواز لە مرۆڤەکانی دیکەی تێدایە، سەرکردەی شاز خاوەنی هێزێکی تاکتیکی رێکخستن و پێوەندی و رامیاری و ئایدۆلۆژیە، سەرکردەی ژیرو بەتواناش ناسینی راست و رادیکالیستی هەیە لەهەموو بوارەکانی ژیان و ئەنترۆبۆلۆژی واتە مرۆڤناسی و سایکۆلۆژی دەروونزانی و سۆسیۆلۆژی کۆمەڵناسی، سەرکردەی بەتوانا چ ئازادبێ، چ لەناو چوارچێوەی زینداببێ، بڕوای تەواوی بەخۆی و بەسەرکەوتن هەیە، چونکە خۆی لەخۆی سەرچاوەی هێزە بۆ خۆی و بۆ دەستەی قیادەو بۆ حیزب و بۆ کۆمەڵ. گومان لەوە دانیە ئاستی هۆشیاری و پێشکەوتن و دروستی لەیاساو لەئایدۆلۆژیای هەر کۆمەڵگەیەکدا یەکسانەو بەرامبەرە بە ئاست و پلەو بیرکردنەوەی سەرکردە. ئەگەر سەرکردە لەئاستێکی ئەرێنیدا بێت بێگومان بەشێوەیەکی ئەرێنی و پۆزەتیڤ رەنگ دەداتەوە لەسایکۆلۆژی و هزری حیزب و کۆمەڵدا، بەڵام ئەگەر بیرکردنەوەی سەرکردە رادیکالیست و مەنتیق نەبێت بەشێوەیەکی نەرێنی نیگەتیڤ رەنگ دەداتەوە لە ئاکاری حیزب و کۆمەڵدا. زۆر سەرکردە هەبوون لەمێژوودا بوون بەفاکتەری گۆڕانکاری و پێشکەوتن، شۆڕشێکی گەورەو ئایدۆلۆژیایەکی پێشکەوتن خوازانەیان بەرهەم هێنا بەملیاران مرۆڤیان رزگار کردو توانیان لەبیرو هزرو سایکۆلۆژی کۆمەڵگەدا تەوق و بەندی کۆیلایەتی بشکێنن و کۆمەڵ لەقۆناغێکی کلاسیک و دواکەوتوویی بگوازنەوە بۆ قۆناغێکی ئازادی و مۆدێرنتر، ژیانێکی پڕ لەئازادی و خۆشگوزەرانی و رەفاهیەت و سۆسیالیزم و دیموکراتی و مافی مرۆڤە. بێگومان رووداو و تراژیدیاو داب و نەریت و دواکەوتوویی و پێشکەوتن لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا گەواهی دەدەن و عیبارەتن بۆ سەرکردەی چاک و خراپ... هتد (ماوتی تۆنگ)، رێبەری حیزبی کۆمۆنیستی چینی یەکێک بوو لە شۆڕشگێڕو کەسایەتییە زیرەکەکانی چەپڕەو، لەدژی بنەماڵەی (شنگ) کە هەر لە سەدەی حەڤدەهەمەوە دەستەڵاتیان داکوتابوو، پاشانیش لەدژی گەندەڵی و دەستەڵاتی نیشتمانی کە (شان کای شیک) بەڕێوەی دەبرد لە ساڵی (1949)دا سەرکەوتنی بەدەست هێناو بیست و حەوت ساڵ بوو بە فاکتەری گۆڕانکاری و ئاوەدانکردنەوە لەم وڵاتە، هێزی جوتیاران و گەشتیاری خستەگەڕ بۆ بووژاندنەوەی گوندو شارو شارستانی ژیانی خەڵکی ئەم وڵاتەی گۆڕی و پێشخست.

(جۆرج واشنتۆنی) یەکەم سەرکردەی سەربەخۆیی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، بە لێهاتوویی و کارزانی خۆی توانی پێشڕەوی هەموو جەنگەکانی ئەمریکا بکات لەدژی سەرکردەکانی بەریتانیا، هەموو ئەو کۆت و بەندانەی تێک شکاند کە ببوونە هۆکاری تێکدانی ریزەکانی گەلی ئەمریکا، یەکەم کەس بوو کە بیرۆکەی سیستەمی دیموکراسی ئەمریکای دامەزراندو ئەمریکای سەرخست و خۆی بوو بە سەرکردەی یەکەمی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەخۆی جوتیارێکی دەوڵەمەند بوو، یارمەتی دارایشی لەدەوڵەت وەرنەدەگرت، هیچ رۆژێکیش بیری لەوە نەکردەوە کە ببێت بە دیکتاتۆر. باشترین پێشنیاری جۆرج واشنتۆن ئەوە بوو کە لەدەستووری ئەمریکادا سەلماندی دەبێ وازهێنان لەدەستەڵات بەشێوەیەکی ئاشتیانە بێت نەک بەشێوەیەکی ئاژاوەگێڕی، ئەم بەندەش تاکو ئێستا سەرکردەکانی ئەمریکا لەسەری دەڕۆن بەبێ سەرپێچی.

(گاندی) رێبەری هیندستان بەکارزانی و لێهاتوویی خۆی توانی رزگاری گەلی هیندستان بگەڕێنێتەوە و نزیکەی یەک ملیۆن کەس رزگاربکات و پۆستی سەرۆکایەتی وەربگرێت و رژێمی کۆنەپەرستی ئیمپرالیزمی بەزاندو چەوساندنەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤی لەگۆڕناو تاهەتایە بوو بە پێشەنگی ئازادیخوازانی جیهان (جەواهێرلال نەهرۆ)ش کە باشترین مێژوو نووسی جیهانە هەر قوتابی گاندی بووە، کەچی زۆربەی تەمەنیان لەگەڵ گاندی و ئەندێرای کچی لەزیندانەکانی نینی و موسوری و پراڤادا بەسەر بردووە.

(فلادیمێر ئۆلیانۆفە) ناسراوە بە (لینین)، دامەزرێنەری حیزبی کۆمۆنیستی رووسیاو بەتواناو لێهاتوویی خۆی توانی گەورەترین شۆڕش بەرپا بکات لەسەر بنەمای فەلسەفەی مارکسیزم و لە ساڵی (1917)دا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، لەدژی سیستەمی دیکتاتۆری قەیسەری سووس هەموو جیهانی هەژاند، گەورەترین گۆڕانکاری ئابووری سۆسیالیستی و هەرەوەزی زەوی و کشتوکاڵی داهێناو سیستەمی سۆسیالیزمی بنیات نا، کەچی زۆری تەمەنی لەزیندانەکان و دوورخراوەی بۆ سیبیریا بەسەر برد، شایەنی باسە تاکو ئێستاش بەملیۆنان مرۆڤ هاوبیرو هاو رێبازی لینین و شۆڕگێڕەکان لەهەموو جیهاندا شانازی پێوە دەکەن. سەرکردە بەتواناو کارزانەکانی جیهان زۆرن (.........) مرۆڤی نوێی بەرهەم هێنا، گۆڕانکاریەکی گەورەی لەبیرو هزردا دروست کرد. مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی و مێژوو و ئایدیۆلۆجیاو (ئەدبیانەکانی) بە شێوەیەکی فەلسەفیانە شی کردەوە و بەشێوەیەکی رادیکالی سلبیات و ئیجابیاتەکانی خستەڕوو. دەیان بیردۆزی گەردون ناسی و فەلسەفی بەشێوەیەکی دیالەکتیکی نووسیوەتەوە مێژووی چۆنیەتی سەرهەڵدانی حکومەت و یاساو قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی بە بەڵگەی زانسی نووسیوەتەوە، قۆناغە یەک لە دوای یەکە نەفی بووەکانی سەردەمی نیولیپیک و بولیالیتیکی کۆن و نوێ و پەیدابوونی خاوەن کۆیلەو کۆیلایەتی شی کردەوە، فیدرالیزم، ئیمپرالیزم، دیمکراسی، سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی بەشێوەیەکی دیالەکتیکی بەراورد کردووە.

بێگومان خواست و ویستی سەرکردەی باش و خراپ لەرەوشت و ئاکاری کۆمەڵگەدا رەنگ دەداتەوە، ئیرادەو بیری نەتەوەیی (هۆشی منە) سەرکردەی پێشووی (ڤێتنام) و (کاستروی کوبا) و زۆری تریشی بۆ گەلی خۆیان بەباشی رەنگی داوەتەوە (ماتزینی و گریبالدی و کافوری) ئیتالی بەشە زەوتکراوەکانی ژێر دەستەڵاتی نەمساو فەرەنسایان گەڕاندەوە بۆ یەکپارچەیی وڵاتی ئیتالیا، (کرومویلی) بەریتانی سەری (شارلی ) دیکتاتۆری بڕی و بەیەخەی میللەتی کردە ئازادی بۆ ئینگلتەرەی گەڕاندەوە. سەرکردە دیکتاتۆرەکانی جیهانیش بەپێچەوانەوە رەنگیان لەسەر بەشێکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی داوەتەوە.

هیتلەری نازی و مۆسۆلۆنی ئیتالی و ستالینی رووسی فرانکۆی ئیسپانی و ناپلیۆنی فەرەنسی و شارلی بەریتانی و مەکیافیلو جولیوی ئیمپراتۆرو سەرکردەی ئیتالی و سەدام حوسێن و زۆری تریش نموونەی نیشانەی کاولکاری و دواکەوتوویی خوێن رشتن و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤن و تیرۆرو جینۆسایدو کوشتن و ئیرهاب، زۆر سەرکردەی دیکەش هەن یان بەرێکەوت یان لەناو کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو دەستەڵات دەگرنە دەست، سەرەتا خۆیان بەشۆڕشگێڕو سوپەرمانی ئازادی نیشان دەدەن و هوتافی بریقەدار بۆ کۆمەڵ لێدەدەن و کە دەستەڵاتیشیان بەتەواوی گرتەدەست یاری بە ئاگری و خوێنی خەڵک دەکەن و لەجیاتی یەکسان و بیری رێکخستن و نەتەوایەتی زوو زوو دەبن بە فیودال و کۆمبرادۆرو دیکتاتۆر، هەموو سامانی میللەت بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان و بازرگانی پێوە دەکەن و ئاکاری بۆچوونەکانیشیان لەسەر قیادەو لەسەر حیزب و میللەتیش لەگەندەڵی و بێ سیستەمی بەدەر هی تری تێدانیەو لەراستیدا ناتوانن ببن بە موختارو شارێکیش بەڕێوەببەن، چونکە لەخودی خۆیان کەسایەتیان لاوازەو هیچ ئەزموونێکی مێژوویی و فەلسەفیان نییە .!!

دەروون دونیا

## ئەم شەکرانەش تاڵن

ئەم ساڵی (2007)ە بە پێی بڕیاری حکومەتی عێراقی و دەستوور بێت دەبێ ماددەی (140) جێبەجی بکرێت و رەوشی شاری کەرکوک و دەوروبەری ئارام بکرێتەوەو چارەسەری کێشەی ئاوارە کوردەکان و عەرەبە هاوردەکان بکرێت. هەرچەندە تائێستا شتێکی گەورەو گرنگ نەکراوەو هەنگاوی جدی بۆ جێبەجێ کردنی برگەکانی ئەو ماددەیە نەکراوە، بەڵام زۆر لەشۆڤێنییە عەرەب و تورکمانەکان ترسیان لێ نیشتووەو ئۆقرەیان لێ براوە ئەگەر ئەو ماددەیە بەتەواوی جێبەجێ بکرێ و دواتر ریفراندۆم بکرێت لەسەر گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان کورد سەرکەوتنی باش بەدەست دێنێ و دواتر ئەگەری سەربەخۆیی زیاتر دەبێ، چونکە ئەو شارە یەکێکە لە شارە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان لەڕووی نەوتی ژێر زەوییەوە. بۆ ئەو مەبەستەش هەندێ عەرەب و تورکمان کە هەمیشە خەریکی کاری جاسووسی و مخابەراتی بوونە و چەند (حزبۆکە)یەکیان هەیە، پەنایان بردۆتە بەر چەند دەوڵەتێکی عەرەبی و تورکیا تا لەوێوە دەنگی نامرۆڤانەی خۆیان دەربڕن لەسەر رەوشی شاری کەرکوک، هەموو هەوڵ و توانایەکیان خستۆتە گەڕ بۆ دواخستنی کاتی جێبەجێ کردنی ماددەی (140)و ریفراندۆمی شاری کەرکوک.

یەکێک لەو کەسایەتیانە (ئەیاد عەلاوی)یە لەجیاتی ئەوەی سوپاسی خەڵکی کوردستان و سەرکردایەتی کورد بکات بۆ ئەو هەموو رێزو حورمەتەی لێی گیرا لە کاتی ئۆپۆزیسیۆنیدا کە لەکوردستان بوو، هەم لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا کە چۆن رێز لە لیستەکەی گیرا، ئێستاش پێ بە سکیدا بنێی خواردنی کوردی لێوە دەردەچێ، کەچی دەڵێ (من زۆر نیگەرانم بەرامبەر ریفراندۆمی شاری کەرکوک لە ساڵی 2007 پێم باشە ماددەی 140 دوابخرێ بۆ کاتێکی نادیار). مرۆڤ کە وەفای تیا نەما هەقە رێزیشی لێ نەگیرێ بۆیە کورد هەقە چاو بەو پەیوەندییەدا بخشێنێتەوە کە لەگەڵ ئەو کابرایەدا هەیبوو... بەرەی تورکمانی و تورکمان ئیلی کە زۆربەی سەرکردەکانیان توخمی کوردن دەستیان کردووە بە سازدان و حزب و کەسایەتی کۆکردنەوە بۆ ئەوەی دژی ماددەی (140) دەنگی نارەزایی کۆبکەنەوەو لەباوەشی ئاغا تورکەکان و بە ئامادەبوونی سەماکەرە تورکییەکان، بەبێ ئەوەی پرسێک بە قیادەی کوردی بکەن بەیاننامە دەردەکەن، پێیانوایە (ارشد) دەم سپی کوردە، بەڵام نازانن بەرە خۆی چەندێ دەم سپی تورکمانە ئەوان لەسەدا یەکیش نین لە چاویان. وەزیری دەرەوەی میسریش (ئەحمەد ئەبو غیث) نازانم چی تەنگای گرتووەو چ بەرژەوەندییەکی هەیە لەو ئاژاوەگێڕییە کە دەڵێ (ئێمە زۆر نیگەرانین لە ریفراندۆمی کەرکوک و پێمان باشە دەوڵەتە سنوورییەکانی عێراق کۆبوونەوەی تایبەت لەو بارەیەوە سازبدەن، چونکە زۆر مەبەستمانە یەک پارچەیی خاکی عێراق بپارێزرێ). باشە دەبێ سەدامی عەرەب و یەک پارچەیی عێراق چ سوودێکی بۆتۆ هەبووبێ کاک ئەحمەد وا ئێستا لەسەربەخۆیی کورد نیگەرانی.. بۆیە کورد لەبەرامبەر هەموو ئەوانە ئەگەر زانستیانەو ژیرانە مامەڵە نەکات رەنگە وەکو جاران دووبارە زیانی لێ بکەوێتەوە..

# بۆچی ئافرەتی کورد ناگاتە ناوەندی بڕیاری سیاسی؟



**م. شیلان عەبدوڵڵا**

کورد نەتەوەیەکە خاوەن کلتورو داب و نەریتی تایبەتی خۆیەتی، خاوەنی چەندەها کەسایەتی بەتواناو لێهاتوو و شۆڕشگێڕە. جێی خۆیەتی کە هەمیشە شانازی بەرەنج و خەبات و ماندووبوونی خۆیەوە بکات. لەناو هەموو ئەمانەش دا ئافرەت وەک رەگەزێکی مێی کۆمەڵگەی کوردەواری بێبەش نەبووە لەبەرامبەر هەموو ئەو کارانەدا شان بەشانی پیاوان هاوکاری کردووەو جێگەی دەستی دیارە.

لەم روانگەیەوە ئافرەت مافی سروشتی خۆیەتی هەنگاو بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و شارستانی هەڵبێنێ، کە لەسایەیدا با ئاسوودەیی و سەرفرازی و دوور لە چەوسانەوەو کۆیلەکردن و رەگەزپەستی و داپلۆسین، ژیانی ئازادی و یەکسانی و رادەربڕین گوزەربێنن. گرنگترین ئامرازی فکری و سیاسی کە ئەمڕۆ دونیای سەرمایەداری لەسایەی ئەزموونی بەناو سیستەمی نوێی جیهان بەکار دەهێنێ، ئافرەت رۆڵی بەرچاو دەگێڕێت لەبەرەوپێشەوەچوونی کەسایەتی خۆی لەژێر دروشمی ئازادی و یەکسانی و دیموکراسی و مەدەنیەت دا.

وەک لەکاودانی ئەمڕۆی کوردستاندا بانگەشە بۆ مانی ئافرەتی ئازادی و یەکسانی لەنێوان (نێر و مێ)، واتا هەردوو رەگەزدا دەکرێت. بەهۆی ئەوەی لەوڵاتی ئێمەدا جۆرێک لەپیادەکردنی دیموکراسی و تا رادەیەک بانگەشە بۆ ئازادی (ژن) بەرقەرارە کە زۆر پڕوپاگەندە دەکرێت بۆ دیموکراسی و پێشکەوتن لەهەموو بوارێکدا، بەڵام لەهەمان کاتدا چینی باڵادەست و خاوەن بڕیارو هزری پیاوسالاری هێشتا هەر کاریگەرو باڵادەستە لەکۆمەڵگەی کوردیدا. زۆر هۆکاری بنەڕەتی هەن کە ناهێڵێت ئافرەت بەرەو رووی ئەو ئاقارە هەنگاو بنێ، بگاتە پۆستە گرنگەکانی دەسەڵات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتوویی بیرکردنەوەیان، ئەمە لەلایەک لەیەکی دیکەشەوە هەندێ جار ئافرەت خودی خۆی ئەو تواناو بوێرییە لەخۆیدا بەدی ناکات و لەخۆی رانابینێت کە لەسەنگەری سیاسی و فکریدا هاوشانی پیاوان بجەنگن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی و ئەو داب و نەریتە کۆنەی کۆمەڵگەو سروشتی پێکهاتەی ئەم کۆمەڵگەیە.

لێرەدا دەپرسین ئایا بۆچی ئافرەتی کورد نەگەشتۆتە پۆستەکانی حزبی و حکومی؟ یان بەمانایەکی تر، بۆچی لەهەندێ حزبی باڵادەستدا ئافرەت رۆڵی کاریگەرییان نییەو ناگەنە ناوەندی بڕیارە سیاسییەکان؟ یان نەگەشتۆتە ئاستی ئۆرگانەکانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی حزبەکان. لێرەدا دەڵێین ئایا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چەند هۆکارەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کرد یان دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ پیاوسالاری و باڵادەستی پیاو لەکۆمەڵگەی کوردیدا.

ئێمەی ئافرەت لەهەموو کات و ساتێکدا پێویستیمان بەوە هەیە کە ئەو کۆت و بەندە بشکێنین و ئەو دیوارەی لە نێوانماندا هەڵچنراوە بەرەو دارمانی بەرین، تا بتوانین هەمیشە داکۆکی لەمافەکانی خۆمان بکەین، خۆمان لە چوارچێوەی ئەو داب و نەریتەو بیرە کۆنەپەرستانە رزگاربکەین و ئەو بیرو باوەڕە پیاوسالارییە ریشەکێش بکەین و بوونی خۆمان بسەلمێنین. بۆ هەڵگرتنەوەی ئەم هەنگاوانەش لەم کاتەداو بۆ داهاتووش هەروا بە ئاسانی و سادەیی دەستەبەر نابێت، بەڵکو پێویستی بەتێکۆشان و ماندووبوونێکی زۆری بێ پسانەوە هەیە، هەروەها ئافرەتی کورد پێویستە بەهیچ جۆرێک چاوەڕوانی دەستی پیاو نەبێت هاوکاری بکات و بیگەیەنێتە پۆستی سیاسی و حکومی، چونکە (15) ساڵی رابردوو گەواهی ئەم راستیەن بۆیە دەبێ ئافرەت بەخۆی لەسەر پێی خۆی رابوەستێ و خۆی ببێتە خاوەن ئابوورییەکی تایبەتی خۆی و هەمیشە خۆی رۆشنبیر بکات تا بە عەقڵ و هزری خۆی بیر بکاتەوەو خۆی مافی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات.